## بانكی پرسیار

1. بۆ واتاسازی ئاستێكی گرنگ و پڕبایەخی زمانەوانییە ؟
2. پەیوەندی واتاسازی بەئاستەكانی زمانەوە چییە ؟
3. بۆ زمانەوانان پێیان وایە بیَ واتا زمان بوونی نابێت ؟
4. فۆرمە زمانییەكان كاتێك دەبنە هێما ئەگەر هەڵگری واتابن ؟ بۆ ؟
5. واتاسازی زانستێكی تازەیە لەچاو زانستە زمانییەكانی تر بۆ ؟
6. مێژووی واتاسازی بۆ كەی دەگەڕێتەوە ؟
7. فۆرم و واتا بۆ لەیەك جیانابنەوە ؟
8. پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو چۆنە ؟
9. بۆ واتاسازی جێگای بایەخی فەیلەسووفەكان بوو ؟
10. ئایا واتا بیرە یان شت ؟ بۆ ؟
11. قوتابخانەی (سكولاتی Scolastique)، ململانێیەكی گەرموگوڕی بەخۆوە بینی، ململانێكە لەسەر چی بوو ؟
12. ماكس مۆلەر بە دامەزرێنەرانی بناغەی واتاسازی دادەنرێت، بۆچوونەكانی بخەڕوو .
13. واتاسازی وەك زانستی سەربەخۆ مێژووەكەی بۆ كەی دەگەڕێتەوە ؟ باسی بكە .
14. جیاوازی چییە لە نێوان سیمۆتیك و سیمانتیك ؟
15. ئەدۆڵف نورین واتای بۆ چەند جۆر دابەشكردبوو ؟
16. بۆ ئۆڵمان پێی وایە سەرەتای سییەكان گرنگترین قۆناغی واتاسازیە ؟
17. ریچاردس بۆ شانزە پێناسەی بۆ واتا كرد ؟
18. واتاسازی لە ئەمریكا لەسەر دەستی كیَ پێكەوتنی بەخۆیەوە بینی ؟ بۆ ؟
19. مەبەستی بلۆم فیڵد چی بوو كە گوتی واتاسازی خاڵێكی بێهێزە لە لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان
20. بلۆم فیڵد چۆن جەختی لەسەر واتا كردۆتەوە لە ئاستی دەنگسازی دا ؟ روونی بكەرەوە
21. رۆنانكارە ئەمریكییەكان بۆ بایەخیان بە روخسار دەدا و واتایان فەرامۆش كردبوو ؟
22. بۆ بلۆمفیڵد دەیگوت دەبێت وەسفێكی وردی زانیاری ناولێنراومان هەبێت ئینجا مافی تێگەیشتن لە واتامان دەبێت ؟
23. بۆ بلۆم فیڵد لەگەڵ ئەوە نەبوو واتا ببەسترێتەوە بە بیری قسەكەر ؟
24. بۆ تا ئێستا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ واتا كراوە ؟ هۆكارەكەی بخەڕوو ؟
25. پێناسەكانی واتا بۆچی خولانەوەن لە بازنەی بەتاڵ ؟ روونی بكەرەوە .

26. هۆکارەکانی نەبوونی پێنای گونجاو بۆ واتا چین ؟ بیانژمێرە
27. ئامانجەکانی واتاسازی چین بیانژمێرە ؟
28. هۆکاری دابەشبوونی واتاسازی بۆ جۆری تر چییە روونی بکەرەوە .
29. پەیوەندی واتاسازی چییە بە فەلسەفە و لۆجیك ؟
30. پەیوەندی واتاسازی چییە بە دەروونناسی و کۆمەڵناسی ؟
31. سیمۆلۆجی بەشێکە لە واتاسازی یان واتاسازی بەشێکە لە سیمۆلۆجی ؟
32. هێما لای ئەرستۆ چۆن دابەش بووە ؟
33. هێما لای پێرێس چۆن دابەشبووە ؟
34. جیاوازی چیە لە نێوان هێما و نیشانە ؟
35. جیاوازی چییە لە نێوان هێمای تاریك و روون ؟
36. هۆکارەکانی روونی هێما چین بیخەڕوو ؟
37. پەیوەندی فەرهەنگسازی چییە بە واتاسازی ؟
38. لێکدانەوەی ئیدیەم دەچێتە خانەی سیمانتیك یان پراگماتیك ؟
39. واتاسازی بۆ جێگای بایەخی رەخنەی ئەدەبییە ؟
40. ئاستی دەنگسازی چ پەیوەندی بە واتاسازییەوە هەیە ؟
41. ئاستی وشەسازی چ پەیوەندی بە واتاسازییەوە هەیە ؟
42. ئاستی رستەسازی چ پەیوەندی بە واتاسازییەوە هەیە ؟
43. پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا چۆنە ؟ روونی بکەرەوە
44. هێما چەند مەرجی هەیە ؟ بیانخەڕوو
45. بۆچی واتا نیوەی زمانەوانیە ؟ بیسەلمێنە .
46. بنەماکانی سێگۆشەی واتایی چین ؟ باس پەیوەندی نێوان بنەماکان بکە
47. واتا لە چەمك نزیکە یان وێنە ؟ بۆ ؟
48. چۆن چەمك ئاماژە بۆ هاندەر دەکەن لە دەرەوەی زمان ؟
49. واتا وەك ئاماژە بۆ سەرچاوە گرنگە یان وەك ئاماژە بۆ بیر ؟
50. واتا وەك مەبەست و بەکارهێنان دەچێتە خانەی سیمانتیك یان پراگماتیك ؟ بۆ ؟
51. یەکە واتاییەکانی گەورەتر لە وشە چین ؟ بەنموونە روونی بکەرەوە .
52. لە رووی واتاییەوە جیاوازی چییە لە نێوان (مەلاژن) و(ژنی مەلا) .
53. واتای رستە بریتییە لە چ ؟ کاریگەری رێزکردن چ رۆڵێکی هەیە ؟

54. جیاوازی چییە لە نێوان رستە و گوتن ؟
55. جیاوازی چییە لە نێوان دەق و گوتار ؟
56. گوتنی وەسفی یان گوتنی ناوەسفی کامەیان دەچێتە خانەی سیمانتیک و کامەیان دەچێتە خانەی پراگماتیک ؟
57. هێما لە ئاستی سیمانتیك و پراگماتیك چی لێدێت ؟ بە نموونە روونی بکەرەوە ؟
58. بنەماکانی واتای سیمانتیکی چین ؟ باسیان بکە
59. بنەماکانی واتای پراگماتیکی چین ؟ بیانژمێرە .
60. واتا دەپێورێت ؟ ئۆزگۆد چۆن واتا دەپێوێت ؟
61. بۆچی بۆچوونەکانی لێدانەوەی واتا رێژەیی راستن ؟ روونی بکەرەوە .
62. واتا لە بۆچوونی ناولێنان چەند بنەمای هەیە ؟ باسی بکە
63. لایەنگرانی بۆچوونی ناولێنان دوو بۆچوونیان هەیە، بۆچوونەکان چین ؟
64. ئۆلۆان پێی وایە واتا بەرپرسە لە لێکدانی هێما و بیر نەك هێما و تەن، بۆ ؟
65. جیاوازی چییە لە نێوان بۆچوونی هۆشەکی وێنەیی و هەستی ؟
66. بۆچوونی رەفتاری لە چوراچێوەی چی واتا لێکدەداتەوە ؟ روونی بکەرەوە .
67. بۆچوونی کێڵگەی واتایی لەسەر چ بنەمایەك واتا پۆلین دەکات ؟ روونی بکەرەوە.
68. جیاوازی چییە لە نێوان بواری فەرهەنگی و بواری چەمکی ؟
69. بە پێی بۆچوونی کێڵگەی واتایی وشە یەکەیەکی پتەوە یان لە کۆی چەند سیمایەك ؟
70. لە کێڵگەی واتایی پەیوەندی نێوان وشەکان ستوونین یان ئاسۆین ؟ بۆ ؟
71. سیماکانی کێڵگەی خزمایەتی لەسەر چەند بنەما بەندە ؟ بەنموونە روونی بکەرەوە.
72. بە پێی بۆچوونی شیکردنەوە وشە بە سێ پلە شیدەکرێتەوە، پلەکانی چین ؟
73. بۆچوونی بەکارهێنان واتا لە چوارچێوەی پراگماتیك لێکدەداتەوە ؟ بۆ ؟
74. واتای وشە بە پێی بۆچوونی بەکارهێنان چەسپاوە یان گۆڕاو ؟ بۆ ؟
75. شیلیك چەند پێوەری بۆ واتای وشە داناوە ؟ بە نموونەوە باسی بکە .
76. شیلیك دوو جۆرە توانا جیادەکاتەوە ؟ تواناکان چین ؟
77. بە پێی بۆچوونی مۆر و کواین چەمکی واتای وشە یان رستە بە پێی دوو شیکردنەوە تێپەڕدەبێت، شیکردنەوەکان بە نموونەوە روون بکەوە .
78. کارناب جیاوازی لە نێوان چەمك و راستی کرد، چۆن لەیەکی جیاکردەوە ؟ باسی بکە .
79. بۆ فریگە پێی وایە واتا جیهاتێکی سەربەخۆیە ؟ چ کاتێك ئەم بیرەی لا چەسپا ؟

80. فریگە سێ جیهان جیادەکاتەوە ؟ جیهانەکان چین ؟ رەخنەکان چیبوون کە لێی گیرا ؟
81. بۆچوونی کردەی قسەیی چۆن واتا لێك دەداتەوە ؟ بە نموونە روونی بکەرەوە .
82. لاینز چەند جۆرە واتا جیادەکاتەوە ؟ باسی بکە
83. جۆرەکانی واتای ناوەسفی لەم دێرە شیعرە دیاری بکە :

 ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپـــەودوو گەندەمووی دەموچاومەچەك هەڵنەگرتـوو

84. رێزکردنی کەرستەکانی رستە واتای دەروونی دورست دەکات ؟ بە نموونە روونی بکەرەوە
85. جیاوازی چیە لە نێوان واتای وەسفی و ناوەسفی ؟
86. جیاوازی چیە لە نێوان واتای دەروونی و شێوازی ؟
87. واتای شێوازی پەیوەندی چییە بە یۆفیمزم ؟
88. واتای دەروونی چۆن لە وشە دورست دەبێت ؟
89. واتای رەنگدانەوە کاریگەرییەکانی لای ئۆڵمان لە چەند خاڵدا کۆدەبێتەوە ؟ باسی بکە.
90. واتای رەنگدانەوە پەیوەندی چییە بە تابۆیی ؟ بە نموونە روونی بکەرەوە .
91. واتای هاوڕێیەتی پەیوەندییەکی ئاسۆییە یان ستوونی ؟ بۆ ؟
92. واتای بابەتی ئەرکی رێزمانی وشەکان دەگۆڕێت ؟ روونی بکەرەوە .
93. جیاوازی چییە لە نێوان فرەواتا و هاوبێژی ؟
94. فرەواتا چەند جۆرە ؟ بە نموونەوە روونی بکەرەوە .
95. جیاوازی چییە لە نێوان فرەواتای هێلی و ناهێلی ؟
96. هاوبێژی چەندجۆرە ؟ بە نموونەوە روونی بکەرەوە .
97. جیاوازی چییە لە نێوان پەیوەندی ئاماژە و شوێنی ؟
98. جیاوازی چیە لە نێوان پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونی ؟
99. هاوواتا چیە سەرچاوەی دورستبوونی چییە ؟
100. جیاوازی چییە لە نێوان هاوواتای تەواو (رەها) و ناتەواو ؟
101. داپۆشین چییە و چەند جۆرە ؟ بە نموونە روونی بکەرەوە .
102. جیاوازی چییە لە نێوان داپۆشینی رێك و نارێك ؟
103. سوودی داپۆشین چییە ؟ کێشەکانی چین ؟
104. جیاوازی چییە لە نێوان داپۆشین و بەش لە گشت ؟
105. جیاوازی چەند جۆرە ؟ بە نموونە روونی بکەرەوە ؟
106. دژواتا چییە ؟ تایبەتییەکانی چین ؟

.107 چەند جۆرە دژواتامان هەیە ؟ بە نموونە روونی بکەرەوە .

.108 پەیوەندی هاوڕێیەتی پەیوەستە بە چەند کۆتێك ؟ کۆتەکان چین ؟

.109 هەڵبژاردن لە واتای هاوڕێیەتی لەسەر چ بنەمایەك دەبێت ؟ بە نموونە روونی بکەرەوە .

.110 نائاسایی واتایی چەند جۆرە ؟ پەیوەندی چییە بە واتای هاوڕێیەتی ؟